
# ستراتیژییەتی گەمارۆدان



میشێل فۆکۆ

و. هاوار محەمەد

**(لە ٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ دا نوێنەرانی ٦٥٠٠ کرێکاری کانەکانی لۆنگوای [کانی خەڵوز یان هەر کانێکی تر]، کە بڕیاری لەکاردەکردنیان بۆ دەرچووبوو، لە شەقامەکانی پاریسدا خۆپیشاندانیان کرد. هێزی ئەم خۆپیشاندانە پەیوەستیش بوو بە بەرژەوەندییەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی گشتی ئیش (C.G.T) و حیزبی سۆسیالیستییەوە، بۆیە (C.F.DT) ڕەتیکردەوە کە بەشداریی تێدا بکات. هەندێك لە خەباتگێڕە توندڕەوە چەپەکان و ڕەنگە هەندێك حەماسەتساز و ئاژاوەگێڕیش کە لە وەختی ئەو هەرایەدا هاتبوونە ناوەوە، لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا شوشەی هەندێك لە پەنجەرەیەکانی گۆڕەپانی ئۆپێرایان شکاند. بەم هۆیەوە خەڵکانێکی زۆر گیران کە نکوڵییان لەوە دەکرد بەشدارییان لە کاری تێکدان و ئاژاوەنانەوەدا کردبێت).**

من هەرگیز قەناعەتم بەو قسەیە نییە کە پێم دەڵێن گوایە لەم سەروەختەی ئێستادا دەستکاریی ئازادییەکان کراوە و مافەکان بەربادبوون و، شوێنەکان لە دەوری هەر یەکێکمان بەرتەسك کراونەتەوە. گرەو لەسەر ئەوە دەکەم کە دادپەروەری تاوانکاری ماوەی بیست ساڵە و بگرە سەدەیەکیشە، زۆر ڕێکخراو و ڕێزلێگیراو نەبووە. کەڵك لەوەدا نییە ئێستا بتۆقێنین و سێبەرێکی بەسەردا درێژ بکەینەوە بەهۆی هەتاوێکی خەیاڵییەوە کە خۆی لە دەمی ئاوابووندایە.

نابێت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەپێشچاومان ڕوودەدەن یان هەندێك کات لەبەرچاومان وندەبن، وامان لێبکەن بەسەر ڕابردوودا بنوشتێینەوە. ئەوەندە بەسە کە بە جددی وەریبگرین، واتە درکی ئەوە بکەین کە بەرەو کوێ دەڕوات و هەڵوێستی خۆمان بەڕوونی لەبارەی ئەو شتانەوە دەربخەین کە بۆ داهاتوو قبوڵی بەردەوامبوونیان ناکەین.

لە کەیسی خۆپیشاندەرانی ٢٣ ی ئازاردا هیچ شتێکی ناڕەوا و ڕیزپەڕ ڕوویندەدا، هەموو شتێك بەپێی یاسای لێپرسینەوەکان و ڕێسا کارپێکراوەکان و فەلسەفەیەکی دیاریکراوی کردەی تاوانکاری بوو. بەداخەوە هەموو شتێك وابوو.

لێپرسینەوەکان: بۆ لێکۆڵینەوە بوون لەو کەسانەی لە تاوانەوە گلابوون، واتە ئەوانەی بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکەدا کردووە و بەرگریی ناتەواویان کردووە و، بڕیاری ڕێکەوت و خێرایان داوە، پێشتر ئەمەمان وتووە و هەرگیزیش لە وتنەوەی دەستهەڵناگرین. بەڵام واپێدەچێت بنەمای "لە تاوانەوە گلان" [بەشداریی ڕێکەوت لە تاواندا] خۆی بنەمایەکی قەڵپ و مەترسیدار بێت. لەڕاستیدا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان لە یاسای تاوانکارییدا ئەوەیە کە بەدواداچوون و دادگایی نابێت هەردووکیان لە یەك دەستدا بن: ئەوەی پارێزگاری لە تۆمەتەکە دەکات نابێت ئەو کەسە بێت کە بۆ کۆکردنەوەی ڕاستی و بەڵگەکان ڕاسپێردراوە. بەڵام دەرکەوت کە لێپرسینەوەکانی لەتاوانەوەگلان، داوای لە داواکاری گشتی کردووە کە لەگەڵ تۆمەتبارەکەدا، سەرجەم فایلەکان و ئەو ڕەگەزانەیشی پێشکەش بکات کە توانای ئەوە بەدادگا دەدەن کەیسەکە یەکلایی بکاتەوە و بیبڕێنێتەوە. سکاڵاکەر [داواکاری گشتی] خۆی (یان زۆرجار لەگەڵ پۆلیسدا) هەموو حەقیقەتەکەی درووستکردووە. یان فەرمان بە لێپرسینەوەکان دەکات کە لە بەڵگەی شایەتحاڵی سەلماندن و شایەتحاڵی ڕەتکردنەوە بکۆڵنەوە. لێرەدا هیچ لێکۆڵینەوەیەك ڕوونادات. لەمەیش زیاتر هیچ شتێك نامێنێتەوە جگە لە بەڵگەی شایەتحاڵی سەلماندن.

بەڵام ئەی ئایا تاوانەکە ڕوون و ئاشکرا نییە و، بەڵگەکان بە بەرچاوەوە نین؟ ئیتر لێکۆڵینەوەی بۆچییە؟ لێرەدا بەکارهێنانی یاسای بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دەبێتە یاسایەکی زۆر مەترسیدار و، تەواو ترسناك. ئەم یاسایە وا دەکات تەنیا بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکدا کە هەندێك کاری پێویستی بۆ تاوان تێدا کرابێت، تاوان بێت. بە هەرحاڵ بەشداری واتە ئامادەیی، بوون لە شوێنێکدا، مانەوە لە جێیەکدا.. کێ لە ئێمە هەیە ئەوە نەزانێت کە بە جێبەجێکردنی لێپرسینەوەی "لە تاوانەوە گلان" بە پێی بەندێکی یاسای پێشێلکاری، کە زۆر بە تەمومژاوی و لاستیکی دیاریکراوە، دەتوانرێت هەر کەسێك، کە بە شوێنی خۆپیشاندان یان تاوانەکەدا تێپەڕیبێت، وەك "ئاژاوەگێڕ"ـێك بدرێتە دادگا؟ گوایە بەڵگەیش ئەوەیە کە پۆلیس بینیوویەتی و دەستگیری کردووە.

یاسای بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دەرفەتی ئەوە بە پۆلیس دەدات کە لە هەمان شوێندا "تاوان" و "تاوانبار" درووست بکات، دواجار لێپرسینەوەکانی "بەشداریکردن لە تاواندا" حەقیقەتێکی بێچەند و چوون بە کردەی پۆلیس و بڕیاری دادگا دەبەخشێت.

ئەوە شتێکی زۆر گەورەکراوە (ژان دانیال هەقییەتی کە ئاماژەی پێداوە)، دادوەرەکان بە تەواوی ئاگایان لەمەیە، بەڵام بەو "فەلسەفە"یە پاساوی دەدەنەوە گوایە تاوانبارەکە وردە وردە بەرەو ئەوە ڕاکێشراوە تاوانکاری ئەنجامبدات. ئەوە "فەلسەفە"یەکە لەو پەڕی پوختیدا و، بگرە لە بەڵگەنەویست دەچێت. دادپەروەری بە لێکۆڵینەوە و سزادانی پێشێلکارییەکان و بە ناوی زامنکردنی "بەرگری لە کۆمەڵگا"وە خۆی بەهێزدەکات. ئەم بیرۆکە زۆر دێرینە و لە سەروەختی گۆڕاندایە -کە ئەمەیان شتێکی نوێیە- تاوەکو ببێتە پرەنسیپێکی نوێ لە پرەنسیپەکانی کار. لە دوایین بریکارەوە تاوەکو وەزیری داد «هەر هەموویان زامنی بەرگری لە کۆمەڵگا دەکەن" و، ڕێوشوێنەکان لە بەر ڕۆشنایی ئەم ئامانجانەدا دەگرنە بەر. ئەمەیش کۆمەڵێك دەرەنجامی بەبایەخی هەیە کە چەند خاڵێکیان باس دەکەین:

١- بەرگریکردن لە کۆمەڵگا بۆتە پرەنسیپێکی پیشەیی لەنێوان پۆلیس و بریکارەکان و دادوەری لێکۆڵینەوە و دادوەرەکاندا. پشکنینە هاوبەشەکان و هاوسەنگییەکان و ناکۆکییە پێویستەکان لەنێوان ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی دامەزراوەکە لە بەرژەوەندیی بەردەوامێتییە پەسەندکراو و قبوڵکراوەکە هەڵدەوەشێنەوە. لەو پیاوە خوودەلەسەر [کڵاوی ئاسنینی سەربازی] و دار بەدەستەوە [واتە پۆلیس] هەتا ئەو پیاوەی کە بە عەقڵ و ویژدانی خۆی حوکم دەردەکات، هەر

هەموویان بە هۆی جوڵەیەکی هاوبەند و لێکچووەوە هاوڕان لەسەر بینینی هەمان ڕۆڵ [پاراستنی کۆمەڵگا].

٢- بەڵام بەرگریکردن لە کۆمەڵگا دژی چی؟ دژی ناکۆکییەکان؟ بێگومان وایە، بەتایبەتیش دژی مەترسییەکان. مەترسییەکان ئەو شتەیە کە بایەخی ڕێژەیی ناکۆکییەکان پیشاندەدات: مەترسیی گەورە لەو "بەرد"ەدایە کە دەتەقێنرێت و، مەترسیی بچووکیش گەندەڵیی گەورەی باج و زەرییەیە! تۆ بلێی ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی خراپ حیسابکرابن؛ خۆ ئەوە گرنگ نییە کە لە پشتی ئەم واقیعە گومانداراانەوە مەترسییەکی دەستکرد بکێشرێت. لەوەیش دڵنیانین کە خۆپیشادەرێك ڕووبەڕووی زۆرلێکردن و بێدەنگکردن نەبووبێتەوە. بە هەرحاڵ لەپشتی ئەمانەوە خۆپیشاندان هەیە، لە پشتی ئەمیشەوە هەموو ئەو خۆپیشاندانە هەیە کە دێن، لەپشتی ئەمیشەوە توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی و بێکاری و ئیتاڵیا و "P.38" و فەسیلی ڕۆتی چەکدار بوونیان هەیە، دەبێت دادپەروەری دژی مەترسیی ڕاستەقینە نەك دژی تاوانی جێگیر، مامەڵە بکات.

٣- بەڵام چۆن خۆمان [لە مەترسیی ڕاستەقینە] بپارێزین؟ بە بەدواداچوون بۆ پێشێلکارە ڕاستەقینەکان؟ بەڵێ، بەڵام ئەگەر ئەمە کاری کردە بێت. بەڵام ستراتیژییەتی گەماڕۆدان شتێکی چالاکتریشی هەیە، ئەویش: بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین، دروستکردنی پەند و عیبرەت و چاوترسێنکردن، یان وەك لە ڕستەیەکدا دەوترێت کە زۆر بە باشی گوزارشتی لێدەکات: فشارخستنە سەر ئەم "جەماوەرە بە ئامانج گیراوە"، ئەم جەماوەرە شڵەژاو، فشۆڵ، بەدگومان و دوودڵە، کە ڕەنگە ڕۆژێك ببنە مایەی نیگەرانی و پشێوی: گەنجە بێکارەکان، خوێندکاران، قوتابیانی ناوەندی و ..هتد.

٤- پاشان ئەوە کێیە کە دەبێت لەم کۆمەڵگەیەدا بیپارێزین؟ بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کە باڵاترین و گرنگترینن و ئینجا زیاتریش ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە. جا کێ هەیە لەدەوڵەت گرنگتر، چونکە کۆمەڵگە دەپارێزێت و کۆمەڵگە زۆر پێویستی پێیەتی؟! بەم جۆرە ڕۆڵی دادپەروەری بریتییە لە پاراستنی دەوڵەت دژی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەی لێدەکەن و بەمەیش ئەو کۆمەڵگە دەخەنە ژێر هەڕەشەوە، کە دەبێت دەوڵەت پارێزگاریی لێبکات. ئەمە ئەو دادپەروەرییەیە کە لەنێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتدا سنووردار کراوە. ئەمە شوێنەکەیەتی و ئەوە وەزیفەکەیەتی، نەك وەك دەڵێن لەنێوان یاسا و تاکدا کورتکرابێتەوە. سەرزەنشتە ناوزڕێنەکانی

دێسرس و دیڤال و زۆرێکی تر سەرزەنشی "نائاسایی" [شاز] و دەرە ڕێسا نەبوون، واتە دۆخی هەڵاوێرد و ئاوارتە لە ڕێساکە نەبوون. بەڵکو ئەمە بەوپەڕی کاراییەوە ئەو گۆڕانە مەکربازە دەردەخات کە لەڕێگەیەوە دادپەروەریی تاوانکاری بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە "دادپەروەرییەکی وەزیفی". دادپەروەریی ئاساییش و پارێزگاری؛ دادپەروەرییش وەك زۆرێك لە دامەزراوەکانی تر دەبێت ببێتە داپەروەرییەکی کۆمەڵگایی و ئەو شتانەی بۆ کەشفبکات کە زیانی پێدەگەیەنن و، لەو مەترسییە تایبەتییانە ئاگاداری بکاتەوە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. دادپەروەری ئەرکی خۆی کردۆتە شەونخونی و بێداری بەدیار کۆمەڵگەوە لەبری ڕێزگرتن لە سوبێکتە یاساییەکان.

ئایا باڵادەستیی دەسەڵاتی سیاسی زیاتر بووە؟ نازانم. بەڵام ئەوەندە بەسە فەرمانەکانی دەوڵەت بسەپێنرێن، هەڵبەت لەڕێگای وەزیفەکانی "پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگە"وە. تۆمەتبارەکانی لۆنگوی ئازادکران بەڵام تۆمەتبارەکانی پاریس سزاکانیان زیاتر بووە... کەواتە دەبێت بڕیارەکەی دادگا یەکێك لەم دوو حاڵەتی خوارەوە بێت:

یان دوو بڕیاری زۆر لێکدژی داوە لەپێناو "کاری باش"ـی هەمووواندا (لێبوردەیی بەرامبەر گرووپە بێکارەکان، دڵڕەقی بەرامبەر گرووپە پاریسییەکان). لەم دۆخەدا وا پێدەچێت سەرجەم دادپەروەریی تاوانکاری لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگەدا، نەك لە پێناو یاسادا، کاری کردبێت.

یاخود دادوەرەکان هەموویان هاوڕانین لەسەر چییەتی بەرگریکردن لە کۆمەڵگا و، هەندێکیان ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە کە ئەو ڕۆڵە ببینن. لەم دۆخەدا عەدالەت هاوبەندی و هاوسەنگیی خۆی لەدەستداوە.

لە هەرحاڵێکدا ئێمە لە قەیرانێکی گەورەداین. بۆیە دەبێت بە زووترین کات ئەو کەسانە ئازادبکرێن کە بوونەتە قوربانیی ئەم دۆخە تەحەمولنەکراوە. جا لە کاتێکدا ئەستۆپاکیی ئەوانە دەرناخەن و ئازادیان ناکەن، سەرۆکی کۆماریش دەردەکەوێت و پێشنیاری ئەوە دەکات —بەبێ ئەوەی بتوانێت ئەمە بڵێت- گۆڕان لەو دادپەروەرییدا بکرێت کە بە سەرزەنشتی ستەمکارانە دەکرێت. هیچ کەسێك ناتوانێت لە یەك کاتدا ڕێزی یاسا بگرێت و ڕێزی ئەویش بگرێت. سەرۆك کۆماریش هیچی لە ئێمە زیاتر نییە.